# جۆرە جیاوازەکانی بەرجەستەکردنی دەنگ

لە عەرەبییەوە: م. پەروەر

چەندان جۆری پێوەندی هەن کە نێوانی دەنگ و جەستەی ئەکتەر لە میتۆدەکانی دەرهێنانی نوێدا، لە رووی تیۆری، یان پراکتیک، یان هەردووکیان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە. ئەم بەجۆربوونانە بۆ مەودای گرنگی پێدانی توخمی دەنگ لە هەر میتۆدێکی دەرهێناندا دەگەڕێتەوە، هەروەها بۆ جێبەجێکردنی توانایی میتۆدەکە لەسەر بەکارهێنانی دەنگ بۆ گەیشتن بە پلە پێشکەوتووەکانی ڕوانینی میتافیزیکیانە دەگەڕێتەوە.

مەرج نییە کە تەنیا شێوە بۆ پەیوەستی دەنگ بە جەستەوە گونجاو بێت، چونکە هەر کارێک بەدەر لەو گونجاندنە بێت، ئاسایی نییە، بەڵکوو هەندێک لە میتۆدە واقیعییەکان ئەو نەگونجاندنە بە خاڵێکی لاواز دادەنێن و دەڵێن پێویستی بە هەڵسەنگاندنە، بەڵام میتۆدە نوێخوازەکان بۆچوونیان وایە کە دژ یەکبوون و نزیکبوونەوە و جیابوونەوە، یان دوورکەوتنەوە و گونجان چینێکی دەنگ ئامێز پێکدەهینن، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی حاڵەتێک لە قووڵایی هونەری لە نێوان ((دەنگ و وێنە))دا، لەدواییدا لە شێوەکانی بەرجەستەکردنی دەنگ لە میتۆدەکانی دەرهێنانی نوێگەردا زۆربوون، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**یەکەم/ دەنگی یاوەر بۆ کردەی جەستە**

ئەو فۆرمە لە بەرجەستەکردنی ئەو دەنگە پەیدادەبێت کە تێیدا دەنگ و جەستە بۆ دەربڕین پێویست بن: لەو فۆرمانەشەوە نزیکە کە لە شانۆی واقیعیدا هەن، لەلایەنی گونجاندن و هاوکاتبوون و هاوسەنگی چەندایەتی لەنێوان دەنگ و جەستەدا. هەروا زۆر لەو فۆرمانەوە نزیکە کە لە گفتۆگۆی وشەکاندا گیر دەخۆن، یان دەمێننەوە.

دەرهێنەرە نوێخوازەکان وای دەبینن کە ئەو کارلێککردنە هونەرییەی دەنگ لەگەڵ جەستە کۆدەکاتەوە، تەنیا بەهۆی ئەو چەمکەوە دیتەدی کە لە شێوەدا هەستی پێ دەکەین. شێوەی دەرەوەی جەستە – تەنیا بە بەشێکی تەواوکراو بۆ جەستە دانانرێت، بەڵکوو بە بەشێکی بنەڕەتی دادەنرێت. ئەو شێوەیە لە بەرجەستەکردنی دەنگدا، وێنە و نموونەی زۆرن، لەوانەش شێوەی بەکارهێنراو لەشانۆی داستانیدا. (برۆتۆڵد برێخت)

لەو پێوەندییە دوورنەکەوتەوە کە تێیدا نێوانی (گوتنەوەی دەق) کە هەمیشە پارێزگاری لە ڕستەی دەق دەکرد، چ شیعر بوایە، یان پەخشان، جووڵانەوەی جەستەیی دەربڕینەرەکان — کۆی دەکردەوە. بەو شێوازەیان دەگوت (گوتنەوەی داستان ئامێز) دەربڕینی جەستەیی خستە سەر گوتنەوەی دەق — بە تەکنیکێکی دیاریکراو، ناوی لێنا (تەکنیکی ئاماژەکان)، لە دواییدا ڕوخساری نوێگەریانەی بە قسەکان، یان دایەلۆگەکان بەخشی، دوای ئەوە لە ڕێبازی شانۆی داستانیدا دایەلۆگ بە ئاماژە، یان ڕەفتاربێت پەیوەستە بەو ئەکتەرانەی کە دایەلۆگەکە دەڵێنەوە. دەرەنجامی زمانی برێختی دراماییانە زیاتر لەسەر ئیقاعە ئاماژەپێکراوەکان لەنگەر دەگرێت کە توانایی کەسی قسەکەر (ئەکتەر) دەربخات.

دەبووایە ئەم شێوازە هونەرییە، بە داهێنانی شێوازێکی نوێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەرجەستەکردنی دەنگەکان پابەند بێت، بۆ دروستکردنی ئەزموونێکی شانۆیی، کە لەگەڵ ئەقڵی بینەردا کار لەیەکتری بکەن، نەک شێوازی قبووڵکردن بۆ واقیعی باو، بەڵکوو کارلێککردنێک بێت کە لە واقیعدا بەرەو سەرسوڕمان و پرسیاری ببات.

هەوڵ و کۆششەکانی (ئاریان مینۆشکین) سەبارەت بە سەپاندنی شێوازی دەربڕینی جەستەیی ڕەمز ئامێز لەسەر ئاخاوتن و گوتنەوەی داستانیدا، بە شێوەیەکی ئاسایی دایڕشت و وای لە ئەکتەرەکان کرد کە وشەکان، ئەوانەی لە دووتوێی دەقدان، بەبێ زیاد و کەم و بەبێ هیچ ئاوازێکی دەنگی بڵێنەوە، هەر بڕگەیەکی بە تەنیا خوێندەوە، یان گوتەوە. بە بۆچوونی هەندێک کەس، دەرئەنجامەکەی هەروەک ئەوە بێت کە هەر وشەیەک لە خۆیدا ناوونیشانێکی هەیە، یان وانەیەکە بۆ فێربوونی (ئەلف و بێ). دەنگی یاوەری جەستە بە شێوازبەندی، تەنیا لە گوتنەوەی داستانی ئامێزدا نەبوو، بەڵکوو ئەو جۆرە کارکردنە لە زۆربەی میتۆدەکانی دەرهێنانی نوێگەرییەکان بەدەرکەوتووە و پشکی شێری هەبووە، چ بە شێوەیەکی گەورە پشتی بە وشەی گوتراو بەستبێت، کە لەگەڵ پشت بەستن بە ڕێبازە واقیعییەکانی سەرووی خۆی لە یەکتر دەچن — یان ئەو ڕێبازانەی کە لە تەسکترین بازنەدا مامەڵە لەگەڵ وشەی گوتراودا دەکەن، هەروەک ئەوەی کە لە شانۆی توندوتیژیدا هەبووە.

لە زۆربەی کارەکاندا پەنایان بۆ دەربڕینە جەستەییە ئاساکان بردووە بۆ دەنگی مرۆڤەکان، بەڵام هەندێک لە نمایشەکانی وەک (سینگی سۆتماک) بوو، ئارتۆ خوێندەوەی، یان گوتنەوەی لە وشە تاکەکان، یان ڕستە جیاجیاکان دەهێنێتەوە، کە جۆرێک لە زیادەڕەوییان تێدا بەدی دەکرا، هەروەها لە زۆربەی نمایشەکانیدا لەگەڵ دەستپێکردنی ئاخاوتندا بە شێوەی بڕگەی دەنگە گۆرانی ئامێزەکان مامەڵەی دەکرد.

دایەلۆگی نمایشی کرد بە چەند بەشێکەوە ( (گۆرانی گوتن و ئاوازدانان لەهەمان کاتدا و دەیکات بە چەند بڕگەیەکی دەنگی، هەروەک هاوارکردن بەهۆی بەرزکردنەوەی دەنگی جیاوازەوە و بەبەکارهێنانی چەند بڕگەیەک کە بە شێوەیەکی بەرزتر لە باو دەیڵێتەوە. ئەوانەی کە لەسەرەوە باسمان کردن چەند ئامانجێکن و ئارتۆ بەکاری هێناون هەروەک یارمەتیدەرێک بۆ دەستپێکردنی جووڵەکان، یان تەواوکردنی کردارەکان، ئەوجا ئەو دەنگە تەنیا پرتە و بۆڵەبۆڵ، یان هاوارکردن بێت، یان بە زمانێک بدوێن، یان چەند وشەیەک و ئاخاوتنێکی کورتکراوەی بەکارهێنابێت، هەروەک

دەستەواژە کراوەکان لە سەرەتای حاڵەتەکەدا، یان کورتکراوەی هەڵوێستی هەڵچووانەی ئاڵۆزکاودا کە بەهۆی جووڵەکانی جەستە و دەربڕینەکانی ڕوخساری نواندوویەتی – هەروەک پێشووتر جاروبار لە چەند ڕستەیەکی دەستپێکدا دەرکەوت کە یاوەری کرداری جەستە بوو، بەڵام سەربەخۆ بوو.

لە رووی وەزیفییەوە لە چەند تابلۆیەکی ڕێنماییکار زیاتر نەبوو کە خۆی لە خۆیدا دەبوو بە ناوونیشانێک بۆ جەستە، ئەمەش تەنیا بە دروشمێک، یان ئاماژەیەکی قسەکردن دادەنرا و بۆ دیمەنێکی دەربڕینی جەستەیی دەگۆڕا، هەروەها شانۆی میکانیکی (مایرهوولد)یش بە فەرهەنگی دەنگی ناسرا کە یاوەری جەستە بێت و تایبەتمەندیی خۆی هەبێت و بە کۆمەڵێک وشە و دەنگە تایبەتییەکان و تەنیاییەکان دەمایەوە، ئەو نواندنەش لەخۆنەگرێت کە گریان و نووزانەوە و هەنسک هەڵدانی باوە، هەروەها دوورخستنەوەی ئاڵۆزی هەڵچوون و ئەو جۆرە ئاوازانەی کە خەفەتباری دەرووژێنن بە ئامانجی سۆز ڕاکێشان بەلای خۆدا، ئەو جۆرە کردەوانە، وایان لێ کرد کە لە ئاماژە و جووڵە جەستەییە باوە هەڵچووەکان، یان گرژەکان دوور بکەوێتەوە و شێوەی دەرەکی بۆ ئەو دەنگەی کە یاوەری جەستەی ئەکتەر بوو بە هێمنی دەرکەوت، لەوانەیە لە هەندێک باردا جۆرێک لە ساردیشی پێوە دیاربووبێت، بەڵام لەدوای بەرجەستەبوونی دەنگەکەی سۆزە ورووژێنەری گەرموگوڕی بەبێ لە خۆبایی‌بوون حەشارداوە..

**دووەم دەنگ وەک ترۆپک بۆ کرداری جەستە**

شانۆڤانە نوێخوازەکان لە پێداگیریکردنیان بۆ بەرجەستەکردنی ئەو جۆرە دەنگە، بەو بیرۆکەیە گەیشتن کە شانۆ تەنیا بە وشە نەبەستریتەوە، بەوەش دژایەتی خۆیان بەرانبەر ئەوە ڕاگەیاند کە دەنگ بە یەکەم دەربڕین لای ئەکتەر دادەنێن و جووڵەی جەستەش بە دووەم. خاوەنی ئەم بۆچوونانە پشتیان بەم دۆزەرەوە فسیۆلۆژییە نوێیانە بەست کە دووپاتی دەکەنەوە و دەڵێن کرداری جەستە لە پێش چالاکیی دەنگییە، چونکە مرۆڤ بەر لەوەی لە تاو ئازاری خۆی هاواربکات، هەر دەبێت ڕووبەڕووی، یان هەستی بە ئازارێک کردبێت و هەر ئەو ئازارەشە لە دواییدا دەبێت بە هۆکارێک بۆ کردەوەیەکی پێچەوانە، ئەگەر بێتو پێوەندی بەو کردەوە ئاساییانەشەوە هەبێت کە لە ئازار دووربن، هەردەبێ (بەریەک کەوتن، سەیرکردن، هۆکار – کاردانەوە) هەبێت، بۆیە بینەرە نوێخوازەکان بایەخیان بە دەربڕینی جەستەی ئەکتەر پێش چالاکییە دەنگییەکەی داوە. لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووبوونەوەی (نواندنی دەنگی) کە شانۆی واقیعی پێی ناسرابوو، دەنگ، بە تایبەتیش گوتنەوەی دەق بە لە پێشترین ئامێرەکانی دەربڕین بۆ ئەکتەر دادەنێت.

ئەمە و سەرباری تێڕوانینی واقیعبینەکان کە دەڵێن: پێوەندی بە کردەوە لەنێوان دەنگی و جەستەکەی وات لێ دەکات کە دەربڕین بە جەستە لە قۆناغی یەکەم دێت. (چونکە ئەگەر جەستە توانایی دەربڕینی نەبوو، ئەوە دەنگ بە وشە و ئاواز و دایەلۆگەکان دەریدەبڕێت، بەڵام بیرکردنەوە بەم شێوەیە خۆی لە خۆیدا مامەڵەکردنە لەگەڵ جەستە، چونکە جەستە ئەندامێکی گرنگی ئەکتەرە و چەند تواناییەکی دیاریکراوی هەیە و پێویستی بە دەنگە – بە مانای وشەکانەوە. بۆ بەردەوام بوون لەگەڵ بینەر، ئەمەش کارێکە، وا لە دەنگی دەکات ببێت بە توخمێکی زاڵ بوو، بۆ ئەوەی توانایی

زیاتری بەسەر نواندندا هەبێت، چونکە دەرهێنەرە واقیعییەکان زوو زوو پەنا بۆ دەنگ دەبەن لە پێشکەشکردنی ڕووداوی درامایی کە پێویستیەتی لە بیرۆکە و ماناو هەستەکان، ئەمەش پێچەوانەی تێروانینی دەرهێنەرە نوێخوازەکانە کە دەبینین بە چ شێوەیەک مامەڵەیان لەگەڵ دەنگدا کردووە. کە ئەمەش لەلای خۆیەوە بە پێویستی نازانێت بڵێت (وشە) ڕەنگیکی دەربڕینە و ساتی هەنووکەیی شانۆیی پێویستی پێی دەبێت کە شانبەشانی نیشانە پێشکەشکراوەکانی جەستەی ئەکتەر بێت، یان لەگەڵ جەستەی پێشکەشکراوی ئەکتەردا یەکانگیر بێت. هەوڵ و کۆششەکانی ڕاهێنەرە نوێخوازەکان لە پرۆڤەکردن بە ئەکتەر تەنیا ئەوە نییە کە بەسەر توانایی جەستەییە دیاریکراوەکاندا زاڵ بێت، بەڵکوو بۆ دژایەتیکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی نواندنی دەنگییە، ئەمەش کارێکە و سەرجەم ڕاهێنەرە نوێخوازەکان بایەخیان پێ داوە، بە تایبەتیش (گرۆتۆفسکی) کە بە شێوەیەکی چڕوپڕ پرۆڤەی بە ئەکتەرەکانی دەکرد بۆ نەهێشتنی ڕەفتارە ڕۆژانەییەکان و هونەری واقیعیانەی لەسەری ڕاهاتبوو، کە بە هۆیەوە تواناییە جەستەییەکانی دیاری کردبوو، بەرانبەر بە گوزارشتکردن لە (خود)، تەنیا دەنگ نەبێ.

بەشێک لە دەرهێنەرە نوێخوازەکان لە پرۆسەی دەربڕیندا نکوڵییان لە پێگەی دەنگ نەکردووە، لەوانەش (پیتەربروک) سەبارەت بە وشە دەڵێت (وشە دەست پێ ناکات، بەڵام کۆتا بەرهەمە، وەک هۆکارێک هەڵوێست، یان ڕەفتار دەیورووژێنێت و پێویست بە دەربڕین دەکات، (جاک کۆبۆ)ش پێی وایە کە دەنگ شوێن و کاریگەری خۆی لە شانۆدا هەیە، بەڵام دوای بەدیهێنانی ترۆپکی کردار لەلایەن جەستەوە، بۆیە پێویستە (وشەی گوتراو، بێژەی گوتراو، وەک ترۆپک بێت بۆ بیرۆکەیەک کە قەوارەی ئەکتەری داگیرکردبێت، هەروەک ڕێزلێنانێکیش بێت بۆ خود و ناخی ئەکتەرەکە)، هەروەها ببێت بە دەربڕینی ئەو جەستەیەی کە لەیەک کاتدا پێشکەشی دەکات، ڕۆڵی وەرگێڕیش دەبینێت. هەندێک دەرهێنەری نوێخوازیش هەن لەکاتی پرۆڤەکردندا لەسەر نمایشی شانۆیی تەنیا مامەڵە لەگەڵ جەستەدا دەکەن، بەبێ دەق و ئەوەی کە دەبێت بەسەرچاوەی جووڵەی ئەکتەر بیرۆکە، یان حاڵەتی دەروونی (خود)، یان نیشانەی جەستەیە بە مەدلوولەکانییەوە. بۆ نموونە (مینۆشکین) لەسەر ئەوە سووربوو لە کاتی پرۆڤەکردندا دەق بکرێت بە چەند بەشێکی جیاوازەوە، (ئەمەش ئەکتەرەکان هان دەدات کە بەهۆی ڕێنمایی و جووڵەکانی جەستەوە بۆ دۆزینەوەی کارەکتەرەکان ڕێگەکان ببڕن، ئەگەر گەیشتن بە دەقیش، ئەوە شتێکی تازەیان پێ دەبەخشێت، وەک تروسکاییەک لە وزە، یان گواستنەوەی خوێن..) زۆربەیان سیستمیکی نوێ و دیارکراویان سەبارەت بە پرۆڤەکردنی ئەکتەرەکان دارشت، کە ئەویش لەسەر پلەبەندی و ئارام گرتن و بێدەنگی بنیاد نرابوو، ئەمەش لای خۆیەوە بە جووڵەی جەستە، یان بەکارهێنانی دەنگی نەزانراو، بەهێواشی و لەسەرخۆ تێپەڕی دەکرد، تا دەگەیشتە بەکارهێنانی وشەکان و دوای ئەمەیش دەستپێکردنی دەق.

## سێیەم/ دەنگی ناواقیعیانەی لەناکاو بۆ کرداری جەستە

هەندێک لە میتۆدەکانی دەرهێنەرە نوێخوازەکان پەنایان بۆ بەر جۆرێک لەو دەنگە ناواقیعییانە بردووە کە لە ئامێری دەنگی ئەکتەر بەدەرە، بەتایبەت دەنگە ئەفسانەییە هەست و دەرک پێ

کراوەکان کە لە ناخ و دەروونی مرۆڤدا هەستە شاراوەکان دەورووژێنن لەکاتی بەرەنگاربوونەوە لێی دەترسێت. لەوەشیاندا پشت بە تیۆرێک دەبەستن کە پێی دەڵێن (جیهانی باوەڕی پڕوپووچ) (ئارامگر، یان شاراوە و وەستاو) کە لە مێشکی هەموو مرۆڤێکدا هەن، ئەمەش زیاتر بە ڕوونی لەلای منداڵ و خەڵکی ساویلکە و نەشارەزا لە ژیان و کۆڵکە ڕۆشنبیرەکان دەردەکەوێت. بێگومان کە دەرنەکەوتنی ئەو جیهانە پڕوپووچە، یان ڕەتکردنەوەی لەلایەن هەندێک کەسەوە بوونەکەی ناسڕێتەوە، یان ناتوانرێت بەئاسانی بسڕێنەوە.

باوەڕەکانی دەرهێنەرە نوێخوازەکان لەناو خودی خۆیاندا جیاوازی هەیە بە ڕادەی ئەو جیهانە پڕوپووچە، بەڵام کەسیان باسیان نەکردووە، بەڵام ئەو جیاوازییە لە کارەکانیان دەردەکەوێت. بۆ نموونە ((گرۆتۆڤسکی کارەکتەری (فاوست) لە دوا دیمەندا، دوای ئەوەی جەستەی دەگۆڕێت و دەبێت بە خاچ، وای لێ دەکات کە (خاچەکە) بژێتەوە) (لە دەمییەوە هاوارێک دێتە دەرەوە، وەک دەنگێک کە لە هۆشی خۆی چووبێت و لە دەنگی مرۆڤ نەچێت، بە شێوەیەک کە فاوست وەک مرۆڤ نەماوە، بەڵکوو وەک ئاژەڵێک دەچەوسێنرێتەوە و ئازار دەچێژێت). بەکارهێنانی دەنگی ناواقیعی و پڕوپووچی لەم ئاستەدا نەوەستا، هەروەک تەنیا دیمەنێک لە شانۆگەرییەکەدا، بەڵکوو ئەو ڕووبەرە لە هەندێک لە کارەکانی (پیتەر برووک)دا پێشکەوتنی بەخۆوە بینی و بوو بە سیستمێکی تەواو لە بەرجەستەکردنی دەنگدا، ناوی لەو دەنگەیش نا (پەنابردن بۆ سیحر، یان چاوەزاری تەلیسم کە لە خۆیدا زمانیکی زاراوەیی دەربڕینگەرایی پێک دەهێنێت و چەمکێکی پێ دەبەخشێت کە لەسەر ئاماژە و جووڵە بنیادنرابێت: جۆرێکە و بەشێوەیەک لە شێوەکان تێی دەگەین و بەبێ ئەوەی بزانین وشەکان چ مانایەک دەبەخشن، یان چ واتایەک لە خۆدەگرن، ئەو هەوڵ و کۆششانە بە داهێنانی زمانێکی نوێی دیزاینکراوی سەرکەوتوو دانرا، بەشێوەیەک بوو کە بە هۆی دەنگەوە توانایی دەربڕینێکی چاکی هەبێت. بە ڕوونی کاریگەری (ئارتۆ) لەسەر (برووک) دەبینین لە دووپاتکردنەوە لەسەر دەربڕینگەری جەستە و شارەزاییە پاڵەوانێتییەکان لە نواندندا، چونکە تەکنیکەکانی سێرک و بەکارهێنانی شانۆ جۆراوجۆرەکان لە دەرهێنان و ئەو شێوازەی کە بە هۆیەوە کاریگەرییە سیحرییەکانی دەرخست، کە ئەویش لەلای خۆیەوە زۆر لە ڕوحی هونەری بالێنزی و دابونەریتە فۆلکلۆرییە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیکە نزیک بوو کە (ئارتۆ) زۆر پێی سەرسام بوو، پێیدای هەڵدەدا، یان ستایشی دەکرد، دەرهێنەرەکانی دوای خۆیشی ڕاسپارد کە بەکاری بهێنن.

بەکارهێنانی دەنگی ناواقیعیانە لە چوارچێوەی نمایشە شانۆییەکاندا کورت نەکرایەوە، یان نەوەستاوە، بەڵکوو وەک مەشقێکی بنەڕەتی بۆ ئەکتەر بەکاردەهات. لە ساڵی (١٩١٥)دا سێ گەورە دەرهێنەری پێشەنگ و ڕاهێنەرە نوێخوازەکان کە لە ((گۆردن گریک و ئیمیل و جاک پێک هاتبوو)) کۆبوونەوە بۆ بڕیاردان لەوەی کە چ پرۆڤەیەکیان پێ بکات، دوای ئەوەی پرۆڤەکانی تیپەکەی بە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی ئابی (١٩١٤) (یەکەمین جەنگی جیهان) وەستێنرا، ئەنجامەکەی بەم شێوە بوو: سەرەتا پرۆڤەی بەو ئەکتەرانە نەکرد کە زیاتر خاوەنی دەنگی ناواقیعی بوون، بەتایبەتیش

بەرجەستەکردنی دەنگ بە بەکارهێنانی دەنگەکانی ئاژەڵ و خەیاڵکردن و دۆزینەوەی دەنگ بۆ شتەکان، یان کەلوپەلەکان. یان پێی دەگوترێت دەنگی شتەکان، هەروەها کاتەکانی ئەو دەنگانەی کە بە پێکهاتەی جەستەی ئەکتەرەوە پەیوەستن، بە هۆکارێکی بنەڕەتی لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە مەبەستیەتی دادەنرێت. بیستنی دەنگی پڕوپووچ ملکەچی پرنسیپی پێشەکی تەواو بۆ کردار نابێت، بە ئامانجی بەردەوامبوون لەگەڵ کەسانی دیکەدا، بەڵام مەرجەکە ئەوەیە کە ئەگەر کوتوپڕ ڕووبدات بەبێ (ئاگایی، یان بە گێلی دەنگی) دەناسرێت و دەبێتە هۆی لەرزینێکی زۆر بەهێز بۆ مرۆڤ لە ئەنجامی بەریەککەوتنی گوێی بەدەنگێکی پێشبینی نەکراو، یان نەبوونی دەنگی ڕاستەقینە لە ڕادەی خۆیدا، بەڵا، یان هێدمە بەدی ناهێنێت، بەقەدەر ئەوەی خێرایی بێئاگایی ئەو دەنگە دەبێتە هۆکار بۆی، ئەمەش وا لە خەیاڵی مرۆڤ دەکات کە مۆڵەتی تەواو بۆ دروستکردنی بەرانبەرێکی بینراوی دیاریکراو وەرنەگرێت کە لەگەڵ ئەو دەنگە بگونجێت. لەهەمان ساتیشدا هەستێکی دڵڕەقانە هاوکات بێت بەهاتنی مەترسییەکی لەناکاو کە دەرچوون لێی مەحاڵە. لە ئەنجامی ئامادەکردنی تێڕوانینی شێوە پرووپووچ ئامێزەکان کە لە پێکهاتەکانی عەقڵی هۆشیار و بەئاگا و شاراوەدا هەن.

**چوارەم/ دەنگی ناکۆک بەکرداری جەستەی:**

خاوەنەکانی ئەو شێوە بیرکردنەوەیە گریمانەی ئەوە دەکەن کە دوو جۆر سیستمی ئاماژە و دژیەکتربوونیان هەیە، ئەوانیش (زانستی نیشانەکانی دەنگ و زانستی نیشانەکانی جەستە)ن. هەردووکیان لە حاڵەتی بەرەنگاربوونەوەی یەکترن. ئەگەر ئاماژەی دەنگ باو و زیاتربوو، ئەو کاتە ئارەزووی ئەوە دەکرێت کە ئاماژەی جەستەی ئەکتەر لە ڕووی مادەییەت و نیشانەکانییەوە بەتاڵ بکرێتەوە، یان بەلاوە بنرێت، پێچەوانەی ئەمە ئەگەر ئاماژەی جەستە زیاتر بوو شیمانەی نیشانەئامێز بۆ بەکارهێنانی دەنگ کەمتر دەبێتەوە، ئەوجا هەندێک لە میتۆدی دەرهێنانە نوێگەراییەکاندا هەوڵیان دا جۆریکی جووڵە و شێوەی دەنگێکی دیکە دابهێنن. جۆریک لەو بەرەنگاربوونەوەیە بهێننەدی کە لەسەر دژایەتیکردنی یەکتری دروست بووە، بی ئەوەی سەرکەوتووانە لە نێوان ئاماژە و دەنگ و وشە و دەنگ و وشە و فیکر و ئیرادە و کرداردا .. تاد بەدەستی بهێنێت.

نموونەش بۆ ئەم دژ بە یەک بوونە ئەوەیە کە (ڕۆژێ بلانشۆن) لە نمایشی (هنری چوارەم)دا پێشکەشی کردووە کە تێیدا دیمەنێکی پێشکەش کردووە و سەرۆکی قەشەکانی (یورک) لاوازی میللەت و مردنی ڕادەگەیەنێت.

ئەو کاتەی لۆردە دەرەبەگەکە دەبینین باسی هەرسکردنی خراپ دەکات لە هەمان کاتدا ئەو کێکانە یەک لە دوای یەک دەخوات و حەپەلووش دەکات کە لەسەر سینییەکی زیو پێشکەشی کراون، واتە هێندە زۆری خواردووە قسەی پێ ناکرێت، بەمەش نرخی ڕەهای وشەکان بزر دەکات، یان ڕاستییەکەی لەدەست دەدات.

ئەو جۆرە باسکردنە بارێکی مشتومڕ ئامێزی بینین و گوێگرتن دروست دەکات و داواش لە بینەر دەکات کە هەمیشە چاوکراوە بن و ژیرانە بەرانبەر ئەو هەموو کارانە هەڵسوکەوت بکەن کە ڕوودەدەن. بەبینین و تێڕوانینێکی جیاوازەوە، نەک دژ بەو کەسانە بێت کە دەنگی یارمەتیدەر بەکاردەهێنن. هەندێک لە دەرهێنەرەکان پێیان وایە کە (دژە دەنگ)،

جۆریک لەو بەئاگاهاتنەوەیە بەدی دەهێنێت، یان ئاگاداریان دەکاتەوە کە هەندێک لە بینەران و نمایشی شانۆیی بە گشتی پێویستیان پێیەتی. ئەم جۆرە دەنگە لە نمایشی (مردنی تنتاجلیسی) مایرهوولد بەدی کرا کە تێیدا ئاخاوتن و جوولەی جەستەیی بەپێی ڕیتمی تایبەت بەخۆیانی بەکارهێنا، لێرەدا مەرج نییە ڕیتمی جەستە لەگەڵ ڕیتمی وشەکاندا بگونجێت.

دەرهێنەرە نوێخوازەکان بۆچوونیان وابوو کە وشەکان بوونەتە هۆی هەڵخەڵەتاندنی هەریەک لە ئەکتەر و بینەران، بۆ جەختکردنەوە لەم بیرۆکەیە هەندێکیان وشەکانیان لەو زمانەوە وەرگرت، یان بەکاریان دەهێنا کە پاشماوەی کولتوورە کۆن و نامۆکان بوو، وەک (عیبری و سانسکریتی و یۆنانی و .... تاد) لە ناوەرۆکە زمانییەکەی بەتاڵیان کردەوە و چەند دەلالەتێکیان پێدان کە لەگەڵ مانای زمانەکان یەکیان دەگرتەوە، هەروەها دەربڕینی کۆن و بەسەرچوویان بەکاردەهێنا، هەروەک ئەوەی کە (جان لۆی بارۆ) بەکاری هێنا بۆ پێکهێنانی زمانەوانی کۆن، یان دێرینی تەمومژاوی لە نووسینەکانی (رابیلێ) لە نمایشی (لە کاتێکدا گیان لەدەست دانەکەی درێژەی کێشا)، بە شێوەیەک بوو کە جوانی و ڕازاندنەوە دەنگییەکانی لەو زمانە بەدەرخستنیان هێنایەکایەوە. تایبەتمەندییەکانی قسەکردن کە شیاوی پێوانەکردن بێت. وەک دەنگ بەرزکردنەوە و بارستایی و پلەکەی و تۆنەکە و ئاواز و خێراییەکەی، ئەم هەموو تایبەتمەندییانە دەکرێ بە شێوەی جیاواز شی بکرێنەوە. مەرج نییە ئەوانەی بە دەنگێکی هەڵچوون ئامێز قسە دەکەن، بەسەر دەنگەکانی دیکەدا زاڵ بن، لەوانەیە دەنگی هێمن و هێور ئاسا زۆر بەهێزتربێت، هەروەها مەرج نییە دەنگی بەرز بووەوە هەڵگری دەنگی حەقیقەت بێت، یان ڕاستەقینە بێت، لەوانەیە دەنگی نزم بووەوە هەڵگری ڕاستی بێت، بۆیە نوێخوازەکان دەبوایە پابەندبن و ئەو ناکۆکییەی کە لە نێوان جەستە و دەنگدا هەیە بەدەری بخەن. بیرۆکە و واتاکانی خۆیان بخەنە سەر جوولەی پێکهاتەکانی جەستە، بە مەرجێک ئەو جوولەیە نەبێتە وەرگێڕان بۆ وشە: حەقیقەتی پێوەندی لە نێوان کەسەکان، ئاماژەکان، بارەکانی جەستە سەیرکراوەکان و ساتەکانی بێدەنگی، بڕیاری لێ دەدەن، لە هەمان کاتدا نابێت ڕیتمیش سەبارەت بە دەنگ و جوولە یەک جوولە و یەک دەنگ و یەک ڕەنگ بێت، بەڵکوو ڕیتمی دەنگی لە ئەنجامی کاردانەوەی ڕیتمی جەستە دروست دەبێت، ئەمەش پێوەندییەکەو لە ئەنجامی جوولەی جەستەی ئەو ئەکتەرە بەدی دەکەین، کە بۆ کاردانەوەکانی دەنگ دەوری هاندەر دەبینێت).

## سەرچاوە


كتاب الجسد المقدس، التعبير الجسدي للممثل، تأليف: د.فريد النقراشي، أستاذ التمثيل و الأخراج، كلية الآداب، جامعة حلوان، جمهورية مصر العربية، الصادر في ٢٠٢٣، في دار نشر مدبولي للنشر والتوزيع.